# بنیاتی گۆڕاوە ستراتیژییەکانی ئێران لە ڕوانگەی سەردانەکەی پزیشکیان بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین**، شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

**سەردانەکە زیاتر ئەتەکێتی بوو بەڵام پەیامەکە ستراتیژی بوو**

پزیشکیان وەک 14 سەرۆکی وڵات ڕۆژی 30ی تەمموزی ساڵی 2024 کاتژمێر 4ی پاشنیوەڕۆ بە ئامادەبوونی 70 شاندی بیانی و 600 ڕۆژنامەوانی ئێرانی و بیانی سوێندی یاسایی خوارد. ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی کابینەکەی لەلایەن پەرلەمانی ئێرانەوە، ڕۆژی 11ی سێپتەمبەر لەسەر بانگێشتنامەیەکی سەرۆکوەزیرانی عێراقی بە سەردان هاتە عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەویش وەک درێژەپێدەر و تەواوکەری ئەو سەردانەی کە بڕیار بوو سەرۆک ڕەئیسی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستانی بکات. پێشتریش لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە کە ڕۆژی 5/5/2024 بە سەردانێکی فەرمی لە ئێران بوو، بانگێشتی سەرۆک ڕەئیسی کردبوو کە لە نێوەندی سەردانەکەی بۆ عێراق، سەردانی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانیش بکات، لەلایەن ڕەئیسییشەوە بە ئەرێنی وەڵامی بانگێشتنامەکەی سەرۆکی هەرێم درایەوە؛ بەڵام چارەنووس لە جیاتی ئەو، پزیشکیانی هێنایە هەولێر.

پزیشکیان لە سەروبەندی سەردانەکەی بۆ عێراق، 14 یاداشتی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ حکوومەتی عێراقی واژۆ کرد، کە هەموویان بێجگە لە جەختکردنەوە لەسەر ڕێککەوتننامەکانی پێشوو و پتەوکردنی پەیوەندییەکان، ستراتیژی نەبوون، بەڵکوو زیاتر ئەتەکێتی بوون. ئەگەر پزیشکیانیش نەهاتایەتە بەغدا، لەلایەن باڵیۆزی ئێرانەوە دەکرا واژۆ بکرێن، کە بریتی بوون لە یاداشتی هاوبەش لە بواری: هاوکاریی ڕاهێنان و وەرزش و لاوان، ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری و هونەر و کەلەپوور، هاوکاریی پەروەردەیی، میدیایی، پەیوەندییەکان، گرووپە گەشتیارییە ئایینییەکان، هاوکاریکردنی یەکتر لە ناوچەی ئازادی عێراق و ئێران، کشتوکاڵ و سەرچاوە سروشتییەکان، پۆستە، چاودێریی کۆمەڵایەتی، ڕاهێنانی پیشەیی و تەکنیکی، پەرەپێدانی هێزی کاری لێهاتوو، چالاکیی ژوورە بازرگانییەکان.

هەر بۆیە سەردانەکە هیچ گۆڕاوێکی هەنووکەیی ستراتیژیی ئێرانی تێدا نەبوو؛ سەراپای ئەتەکێتی بوو؛ جەختکردنەوە بوو لەسەر ڕێککەوتنەکانی پێشوو. بەڵام پەیامەکە ستراتیژی بوو؛ بۆ عێراق و هەرێم و ناوچەکە و ئەمریکا.

**ئەدی بۆچی یەکەمین سەردانی بۆ عێراق بوو؟**

ئەمە پرسیارێکە زۆرێک لە وەڵامەکانی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە و خودی ئەمریکا بوون. کەواتە سەردانەکە ئەوەندەی بریتی بوو لە پەیامگەیاندن، ئەوەندە جووڵەی ستراتیژی نەبوون بۆ گۆڕینی

هاوکێشەکانی ناوچەکە؛ پەیامی وەک: عێراق لەناو جەرگەی ستراتیژییەتی ئێراندایە و هیچ تایبەتمەندییەکی سەربەخۆی نییە، نەک تەنیا وەک وڵات، بەڵکوو وەک پارێزگاش هەمان مامەڵەی ئێرانیبوونی لەگەڵ دەکرێ: بەغدا، بەسرە، سلێمانی، نەجەف، کەربەلا.

لە لایەکی تریشەوە سەردانەکە جەختکردنەوە بوو لەسەر هەژموونی بێڕکابەری ئێران لە ناوچەکە. پەیامێکی تری سەردانەکە ڕوخساری تەواوکاری بوو بۆ سیاسەتەکانی ڕەئیسی. هەرچەندە بە بانگێشتنامەیەکی فەرمی لەلایەن سەرۆکوەزیرانەوە هاتبووە عێراق، کە بە جۆرێک لە هەوڵ دادەنرێ بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکانی نێوان سوودانی و چوارچێوەی هەماهەنگی و جەختکردنەوەیان لەسەر ئەوەی کە هەردوو لا لە خولگەی ستراتیژییەتی ئێرانی دەسووڕێنەوە، گەرچی میکانیزم و شێوازی سیاسەتکردنیان جیاوازە، پزیشکیان ویستی ئەو پەیامەیش بە وڵاتانی ناوچەکە بگەیەنێ کە ئێران نیازی سفرکردنەوەی کێشەکانی هەیە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جەخت لەسەر بەرژەوەندیی هاوبەش دەکاتەوە نەک ململانێ و بۆڕدان. بۆ ئەو ستراتیژییەتەیش عێراق دەرچەیەکی دروست و بەکەڵکە بۆ ئێران لە هەموو ڕوویەکەوە و، ئامڕازێکی گەیەنەری ئەرێنییە لە نێوان ئێران و دەوڵەتانی ناوچەکە، بەتایبەت دەوڵەتانی کەنداو و ئوردن و میسر؛ ئەمە سەرەڕای گەیاندنی هەڵوێستی نەرم بۆ گەیشتنە ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا. ئەمەیش جۆرێکە لە بەڕێوەبردنی کات لە قەیرانەکاندا، کە ئێرانییەکان تەواو تێیدا سەرکەوتوون.

کەواتە پەیامەکان ڕوونن، بەوەی ئەگەر هاوکێشە و گرفتەکانی ڕۆژهەڵات لەوە زیاتر بەرەو هەڵکشان نەچن، ئەوا ڕێککەوتنی ئێران و لێکتێگەیشتنی لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و ئەوروپا و ئەمریکا نزیکە و، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆی لە جۆرێک لە هاوسەنگیی هێز دەبینێتەوە لە نێوان ڕەوتی بەرگری کە سەر بە ئێرانە و ڕەوتی دژ بە ئێران کە زیاتر ئەمریکا پشتیوانییان لێ دەکات. بەڵام ڕووداوەکانی باشووری لوبنان ئومێدبەخش نین.

**کەواتە ئایا هەڵوێستی عێراق لە هەمبەر ئێران لە سەردەمی پزیشکیان چۆن دەبێ؟**

لەو ڕوانگەیەوە عیراق بە شوێنکەوتەی تەواوی ئێران دەمێنێتەوە، تەنانەت لەم سەردانەی پزشکیان پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی سیاسیی ئێران دابەزێنرا بۆ سەر ئاستی گەل. پزشکیان لە سەرۆکوەزیرانی عێراق زیاتر سەردانی پارێزگاکانی عیراقی کرد بە هەرێمی کوردستانیشەوە. ئەگەرچی هەڵبژاردنی نوێ لە عێراق ساڵی 2025 بەڕێوەیە ئەنجام بدرێ، بەڵام نەخشە سیاسییەکە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت، کە لە ڕووی سیاسی و ستراتیژییەوە زەرەر بێ بۆ ئێران، بەڵکوو دەستەی سیاسیی نوێی عێراق دوای هەڵبژاردنی ساڵی 2025 زیاتر هەر لە خولگەی ستراتیژییەتی ئێران دەخولێتەوە و توانای دەربازبوونی ئاسان نییە. هەر بۆیە عێراق بە شادەماری ئابووری دەمێنێتەوە و پاڵپشتی سەرەکی دەگێڕێ بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئێران لە کەلوپەل و بازرگانی، هەروەها عێراق بە فاکتەرێکی سەرەکی ئەژمار دەکرێ، کە دەتوانێ کاریگەریی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران کەم بکاتەوە.

سەردانەکەی پزیشکیان بۆ عێراق ئەوەی سەلماند کە مامەڵەی توێژ و لایەنەکان لەگەڵ پزیشکیان کارێکی قورس نییە و قابیلی دروستکردنی ڕایەڵەی باشە؛ بەتایبەتتر کاتێک کە هەر لە بەغداوە پەیامی بە زمانی کوردی ئاراستەی کۆمەڵگەی سیاسیی کورد کرد، زۆرێک لە خەڵکی هەرێم پزیشکیان وەک دۆست هاتە پێش چاویان نەک وەک دوژمن و سەرۆکی ئەو وڵاتەی کە تا دوێنێ ڕۆکێت و مووشەکی دەگرتە

پایتەختەکەیان. هەر بۆیە لەو سەردانەدا پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی هێزی هەژموون و ڕەق، دابەزین بۆ دیپلۆماسییەتی جەماوەری و هێزی نەرم. تەواوی یاداشتە لێکتێگەیشتنە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو لا ئەو ڕاستییە دەردەخەن.

**ئەگەر ئەو دوو وڵاتە ئەوەندە لە یەکتر نزیکتر ببنەوە، کاریگەریی لەسەر عێراق چی دەبێ؟**

هەندێک لە وەڵامەکانی پێشتر، بۆ ئێرەیش دروستن؛ عێراق دەبێتە شوێنکەوتەی تەواوی ئێران لەسەر ئاستی جەماوەر و دەسەڵات؛ مامەڵەکە لەسەر بنەمای دوو دەوڵەتی خاوەن سەروەری نابێت، بەڵکوو دەوڵەتی عێراق وەک شوێنکەوتەیەکی بێئیرادە دەبێت بۆ ئێران، کە هیچ بڕیارێکی سەربەخۆی خۆی نابێ. ئەودەمیش ئێران باشتر کاروباری دارایی و ئابووریی خۆی لە عێراق بەڕێوە دەبات و پارە بلۆککراوەکانیش بەدەست دێنێتەوە، کە ئێستا لە عێراق بەهۆی گەمارۆکانی ئێرانەوە هەندێ پارەی بلۆک کراوە. کەواتە پەیوەندییە ئابوورییەکان و ئاسایشی ئێران لەگەڵ عێراق هێڵی سوورن، چونکە بە لاوازبوونی ئەو دوو پەیوەندییە، بارودۆخی ئێران دەکەوێتە ئەوپەڕی مەترسییەوە.

بڕیاری سیاسیی عێراق لەمەودوا بەتەواوی دەکەوێتە دەستی میلیشیاکان و، حکوومەت لە ململانێدا لەگەڵ میلیشیاکان نامێنێ، بەڵکوو ئەو میلیشیایانە ڕاستەوخۆ حکوومەت بەڕێوە دەبەن. هەر بەوەیش نفووزی کورد و سوننە لەقاڵب دەدرێ و گوشاری زۆریان دەخرێتە سەر. ئەجێندای ئێرانیش لە تەواوی بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەی سیاسەت و کۆمەڵگە ڕەنگ دەداتەوە؛ تەنانەت هیچ پرۆژەیاسایەک بێ خواستی ئێران دەرناچێ و تەنانەت لەوانەیە ئێران داوای دەرکردنی هەر یاسایەک بکات کە بزانێ لە بەرژەوەندیی خۆیەتی، بێ گوێدانە سەروەریی عێراق.

کەواتە هەمان ئەزموونی سووریا و لوبنان و یەمەن لە عێراق دووبارە دەبێتەوە، بەوەی کە هیچ بڕیارێکی سەربەخۆ لەلایەن خۆیانەوە بەدەر لە ئێران نادرێ و، لەو قۆناغەشدا ئەمریکا هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر عیراق نامێنێ. یەکێک لەلایەنە زەرەرمەندەکانیش هەرێمی کوردستان دەبێ، ئەویش ئەگەر ڕووداوەکانی باشووری لوبنان بەرەو جەنگێکی گەورە سەر نەکێشن، ئەو دەم بەرەنجامێکی جیاوازتر دەکەوێتەوە، بەڵام لێکنزیکبوونەوەکانی ئێران و ئەمریکاش ئەوە دەردەخەن، کە جەنگەکە تا هەنووکە سنووردارە و تەنها ڕازیکردنی ئیسرائیلە و هیچی تر.

**بەو پێیەیش کاریگەریی لێکنزیکبوونەوەی عێراق و ئێران لەسەر پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ئەمریکا چۆن دەبێ؟**

جووڵەکانی ئەمریکا لە عێراق تەواو سنووردار بوون؛ کاریگەرییان لەسەر شانۆی سیاسیی عێراق زۆر کەمە؛ زۆر بەئەستەم خەریکە پشتیوانی لە دۆست و هاوپەیمانانی دەکات، یەکێک لەوانە کورد. ئێران توانیویەتی هەڵوێستی ئەمریکا لە هێرشبەرییەوە بەرەو بەرگریکاری بگۆڕێ؛ ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە ئێران تەواو گوشار دەخاتە سەر ئەمریکا تا ناچاری ڕێککەوتننامەی سیاسی بکات، یان بیگێڕێتەوە بۆ دانوستان و ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی نوێ. بەرەنجامی ئەو ستراتیژییەتەی ئێرانیش دەرکردنی عێراقە لەژێر هەژموونی ئەمریکا؛ بەوەی عێراق لە کاتی هەڵکشانی گرژییەکان بەرەیەکی پاڵپشتە بۆ ئێران نەک ئەمریکا و، ملدانی ئەمریکایە بۆ سازشکردن و ڕێککەوتن و هاوسەنگی سەبارەت بە چەندان هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکە، کە لە ئاکامدا لە بەرژەوەندیی ئێران دەکەونەوە.

**جووڵەکانی پزیشکیان لەگەڵ سوپای پاسداران دژواری دەنێتەوە**

هیچ کاتێک سەرۆک پزیشکیان نابێتە لایەنی ڕکابەری بەرانبەر بە سوپای پاسداران، چونکە تەواوی دامەزراوەکانی تری ئێران بەدەست نەریتخوازەکانەوەیە؛ تەنیا سەرۆکایەتیی وڵات نەبێت کە ڕیفۆرمخوازەکان پێگەیەکیان تێیدا هەیە. بەڵام ئایا چەند کاریگەرە؟ ئەوە ڕۆژانی دوایی حوکمڕانیی پزیشکیان ئەوە یەکلایی دەکەنەوە. بەڵام هاوکێشەی کاریگەرییەکە زۆر گەشبینانە نییە؛ ئەوەندە هەیە ئێران هەنووکە لە قۆناغێکی هەستیاردایە و، دەبێ و پێداچوونەوەیەک بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوادا بکات، هەر بۆیە پێویستیی بە جۆرێک لە کرانەوە هەیە. ئەو کارەیش بە پزیشکیان دەکرێ لە پێناو قوتارکردنی نەریتخوازەکان لە داڕووخان و هەوڵدان بۆ گەیشتنە جۆرێک لە ڕێککەوتن، ئەگەرچی هەندێ سازشیش لەلایەن ئێرانەوە پێشکەش بکرێ. ئێستا سەرۆکی وڵات هەر لە سەردانەکەی بۆ عێراق و ئەمریکا لەو قۆناغەدایە.

کەواتە جووڵەکانی سەرۆک دژ بە ئەجێندای سوپا و نەریتخوازەکان نییە، چونکە سەرۆک لە توانایدا نییە ئەو گۆڕەپانە بۆ خۆی کۆنترۆڵ بکات و ئاڕاستەی بکات، بەڵکوو جووڵەیەکی تەواوکارە لەگەڵ جووڵەکانی نەریتخوازەکان و بریتییە لە دابەشکردنی ڕۆڵەکان، نەک دژبەیەک؛ چونکە قۆناغەکە ئەوە دەخوازێ. سوپای پاسدارانیش هیچ کاتێک ئەگەر بیەوێ جووڵەیەکی سەربازی بکات چاوەڕوانی ئاماژەی ڕێپێدانی سەرۆک ناکات، هەندەی چاوی لە مەقامی ڕێبەری باڵایە.

**ئایا پزیشکیان، بەرهەمی پەیوەندی و ئەجێندا ڕیفۆرمخوازییەکەی دەچنێتەوە؟**

لەو بارەیەوە چەند ئالنگارییەک هەن:

- گرژییەکانی حزبوڵڵا و ئیسرائیل تا دێ بەرەو هەڵکشان دەچن. ئەوکات جووڵەکانی زۆر بەرتەسک دەبنەوە و وەک لایەنی ڕکابەر و دژ مامەڵە دەکات.
- ئەگەر پزیشکیان نەیتوانی ئەمریکا و ئەوروپا بێنێتەوە سەر مێزی دانوستان و ڕێککەوتنی نوێ لەسەر چەکی ناوکیی ئێران.
- تەواوی دامەزراوەکانی ئێران بێجگە لە سەرۆکایەتیی وڵات، لەژێر هەژموون و ئاراستەی نەریتخوازەکاندان. لەو بارەیەوە دەتوانن جووڵەی پزیشکیان سنووردار بکەن.

**پەیامی پزیشکیان بۆ هەرێمی کوردستان، مانایەکی تایبەتی هەبوو**

لەو پەیامانە ئەوە بوون کە بە هەرێمی کوردستانیان گوت: ئێمە لەسەر ئەو ڕێککەوتنەین کە لەگەڵ سەرۆک ڕەئیسیدا کراوە؛ کاتێک سەرۆکی هەرێم سەردانی ئێرانی کرد و لەلایەن ڕێبەری باڵاوە پێشوازیی لێ کرا. لە لایەکی تریشەوە ئەوەیان پێ وتین کە ئێمە فاکتەری ئاسایشی هەرێمین و هەر ئێمەین کە پەیوەندییەکانتان لەگەڵ بەغدا ڕێک دەخەینەوە و کاریگەریمان لەسەر شایستە دەستوورییەکانتان هەیە. دوو جۆر پەیوەندییش سەرەڕای گرنگییان، هێڵی سوورن و ئێران سازشیان لەسەر ناکات، ئەویش پەیوەندیی ئاسایشی و ئابوورین، کە هەردووکیان کاریگەریی بێشوماریان لەسەر ئەو وڵاتە هەیە. هەرێمی کوردستانیش دەتوانێ کاریگەریی ئەرێنی یان نەرێنی دروست بکات. بۆ ئەو مەبەستەیش ڕێککەوتننامە لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە؛ لە ڕووی ئاسایشەوە ڕێککەوتنێکی سێ خاڵی لەگەڵ عێراق هەیە و

هەرێمیش خزێندراوەتە ئەو سێگۆشەیەی کە دەبێ جێبەجێی بکات، سێ خاڵەکەیش تایبەتە بە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران، وەک: قەدەغەکردنی دزەکردنی چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن، تەسلیمکردنی داواکراوان بە ئێران بەپێی یاسا، داماڵینی ئۆپۆزیسیۆن لە چەک و، هەروەها بێبەشکردنیان لە هەبوونی سەربازگە.

پزیشکیان لە سەردانەکەیدا جیاوازییە جوگرافی و سیاسییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی قووڵتر کردەوە و بۆ گەیشتن بە چارەسەر بەرەو مەحاڵی بردن؛ چونکە هاتنەکەی بۆ هەولێری پایتەخت و پارێزگای سلێمانی، ئەوەی دەرخست کە هەرێمی کوردستان بە دیفاکتۆ دوو مەرجەعی سیاسیی تێدایە و ئێمە لای خۆمانەوە لە پێناو بەرژەوەندیی ئێران مامەڵە لەگەڵ هەردووکیان دەکەین. بەڵام ئەوەیشی نەشاردەوە کە هەرێمی کوردستان بۆ ئێران وەک بکەرێکی نادەوڵەتی لەسەر گۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فاکتەرێکی کاریگەری بەسوودە بۆ ئێران و، دەتوانێ لە هەرێمەوە ڕایەڵەیەکی ئەرێنی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا و ئەمریکا دروست بکات؛ ئەمە بێجگە لەوەی کە فاکتەرێکی بەسوودە لە ڕووی ئابووری و ئاسایشەوە بۆ ئێران، چونکە ئەوەی کە هەرێمی کوردستان لە سەردەمی گەمارۆکاندا بۆ ئێرانی دابین دەکات، هەرگیز عێراق بەو ئاسانییە ناتوانێ ئەو کارە بکات.

**ئەگەر سەردانەکە ئەو واتایە ببەخشێ، ئەدی کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێم و ئێران چی دەبێ؟**

لەو بارەیەوە دەتوانین هەندێ لە کاریگەرییەکانی لەم ڕەهەندانەی خوارەوە پوخت بکەینەوە:

- ئێرانییەکان ئەوەیان خستە ڕوو کە هەرێمی کوردستان زیاتر پێویستی بە پاراستنی ئێرانییە نەک ئەمریکا.
- ئابووری، هێڵی سوورە و سازشی لەسەر ناکرێ. هەر بۆیە دەبێ هەرێم لە ڕووی ئابوورییەوە لەگەڵ ئێران لە پەیوەندییەکی پتەودا بێت.
- پاراستنی بەرژەوەندییەکان لە پاراستنی ئاسایشی ئێرانەوە بەرجەستە دەبێ. هەر بۆ ئەو مەبەستە ئێرانییەکان تەواو گوشاری خۆیان دەکەن. لەلایەن هەرێمیشەوە ئەو پەیمانەیان پێ دراوە، بەوەی کە نابێ خاکی هەرێم بۆ هێرشکردنە سەر کۆماری ئیسلامی بەکار بهێنرێ.
- پتەوبوونی پەیوەندییەکان واتە برەودان بە هێزی نەرم لەلایەن ئێرانەوە بەرانبەر هەرێم؛ کەلتوور و دیپلۆماسییەتیش لە پێشەنگی ئەو هێزەن. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە هێزی نەرم کاریگەریی نەرێنیی بۆ سەر هەرێم دەبێت، چونکە لایەنێکی سەرەکیی سیاسیی هەرێم، تەواو تەسلیم بە ئەجێندای ئێران بووە.
- لە نێوەندی ئەو پەیوەندییە ئەرێنییە لەگەڵ ئێران، هەرێم دەتوانێ وەک فاکتەرێکی کاریگەر لە بەغدا، لەو پەیوەندییە سوودمەند بێ.
- جۆرێک لە سەقامگیری لە هەرێم دێتە ئاراوە و، لەسەر ئاستی هەرێم لایەنگیریی ئێران بۆ یەکێتی تا ڕاددەیەک کەم دەبێتەوە، بەڵام هەرگیز پشتی بەرنادات. ئەو سەقامگیرییەیش سوودبەخشە لەسەر ئاستی حکوومەت و جەماوەر و هێزە سیاسییەکان.
- لە نێوەندی ئەو پەیوەندییە ئەرێنییانەوە، هەرێم دەتوانێ لە کەمبوونەوەی هەستیاری نێوانیان لەگەڵ ئێران سوودمەند بێ.
- پەیوەندییە ئەرێنییەکان وا لە هەرێم دەکەن کە بەردەوام بەرژەوەندییەکانی ئێران بپارێزێ، تا لە ئاکامدا بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێ؛ چونکە دژایەتیکردنی ئێران، هیچ سوودێکی بۆ هەرێم

نابێت.

لە لایەکی ترەوە لە نێوەندی ئەو ئەرێنییانەی پەیوەندی لەگەڵ ئێران، پێویستە هەرێم دوو بابەتی گرنگ بەرچاو بگرێ: نابێ هاوسەنگی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزە سیاسییەکان و دەوڵەتان لاسەنگ بکرێ، نابێ پەیوەندییە ئەرێنییەکان ببنە هۆی زیاتر پەرتبوونی بونیادی سیاسی و نیشتمانیی هەرێمی کوردستان.

**دەبێ هەرێمی کوردستان لەسەر هەردوو ئاستی هەرێم و بەغدا وەبەرهێنان لەو پەیوەندییانەدا بکات**

ئەمە بابەتێکی هەستیار و گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان، کە دەبێ بەبایەخەوە بڕوانێتە ئەو سەردانە و لە هەوڵی ئەوەدا بێت لێکەوتە نەرێنییەکانی لە خۆی دوور بخاتەوە، بۆ نموونە:

- دەبێ پەیوەندییە ئەرێنییە بەهێزەکە لە سەردەمی پزیشکیان هەر ئاوا بەو پتەوییە بەبەردەوامی بهێڵینەوە.
- دەبێ ئێران لە قۆناغی داهاتوودا بکەینە فاکتەرێکی پاڵپشت و هاوکار لە بەغدا بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان و بەدەستهێنانی شایستە دەستوورییەکان؛ چونکە ئێران کاریگەرترین فاکتەرە بۆ چارەسەری گرفتەکان لە تەواوی هێز و دامەزراوە و کەسایەتییە عێراقییەکان خۆیان.
- لەو سەروبەندەوەدا هەرێم دەتوانێ لە پەیوەندییە ئابوورییەکان سوودمەند بێ و بازرگانییەکی گەشەسەندوو لەگەڵ ئێران بکات و خۆی بکاتە زۆنێکی ترانزێتی بازرگانی لە ناوچەکەدا.
- کاتێک سەقامگیری دەکەوێتە ناو پەیوەندییەکان، هەر ئاواش سەقامگیری لەسەر کۆمەڵگە و هەرێم دێتە ئاراوە؛ دەبێ حکوومەتی هەرێم بەرنامەیەکی تایبەتی لەو بارەیەوە هەبێت و لەو سەقامگیرییە سوودمەند ببێت.
- ئەو پەیوەندییانە دەتوانێ ببێتە هۆکارێکی ئەرێنی بۆ زەمینەیەکی گونجاو بۆ دروستکردن و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ هێزەکانی عێراق، بەتایبەت وەلائییەکانی سەر بە ئێران؛ لەوێشەوە گرفتەکانی هەرێم لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی بەرەو چارەسەر دەچن، چونکە هەر ئەو هێزانەن کە گرفت بۆ هەرێم دەنێنەوە یان چارەسەری دەکەن.
- ئێمە لە بەردەم قۆناغێکی هەستیاری نیشتمانی و نەتەوەییدایین، ئەویش هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمە. هێزەکان تەواو لەگەڵ یەکدی دژوار و دژبەیەکن. هەندێ جار تەواوی سنوورەکانی دیموکراسییەتیان بەزاندووە. هەموویان بەنیازی بۆڕداری بەرانبەرن. لەو نێوەندەدا ڕازیبوون بە بەرەنجامەکان و پێکهێنانی حکوومەتی ئایندە کارێکی زۆر قورسە؛ هەرچەندە ئەوەی کە حکوومەت پێک دەهێنێ تا هەنووکە، هەر یەکێتی و پارتین. لەو بارەیەوە ئێران دەتوانێ لە پێکهێنانی حکوومەتی داهاتوودا ڕۆڵی ئەرێنی ببینێ.
- بۆ بەڕێوەبردنی ئەو قۆناغە هەستیارە لە پەیوەندییە ئەرێنییەکان لەگەڵ ئێران، ئەرکە قورسەکە دەکەوێتە سەرشانی سەرۆکی هەرێم. هەر بۆیە بەڕێزیان دەبێ ئەجێندایەکی ڕۆشن و دروست و قۆناغبەندکراوی لەو بارەیەوە هەبێ.